# سندوقی منداڵانی سکۆتلەندا
# دیارییەکی تری پڕ لە خۆشییە کە بە
# پەرۆشەوە چاوەڕێی دەکرێت




Scottish Government
Riaghaltas na h-Alba

Parent Club
parentclub.scot



# دیارییەک بۆ منداڵەکەت


## هیوادارین دیاریی بەخێرهاتنت لەلایەن حکومەتی سکۆتلەنداوە بە دڵ بێت.

بۆ یارمەتیدانی تەندروستی منداڵەکەت لە یەکەم چەند مانگێکی گرنگدا، ئێمە جل، کەلوپەلی خەوتن و زۆر شتی تری بەسوودمان دابین کردووە بۆ یارمەتیدانی پێدانی باشترین دەسپێکی گونجاو بە منداڵەکەت لە ژیاندا.

هەروەها پڕە لەو کەلوپەلانەی دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بچکۆلەکەت بە شێوازێکی ئەرێنی و خۆشەویست. بۆ وەرگرتنی پێشنیار سەبارەت بە بەکارهێنانی کەلوپەلەکانی ناو سندوقی منداڵ (Baby Box) بۆ یاریکردن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکەت، سەردانی **parentclub.scot/baby-box-items** بکە

هەروەها دۆشەک، پارێزەر، ڕاخەری لێواردار و بەتانی لەگەڵدایە بۆ ئەوەی بتوانیت وەک شوێنێکی سەلامەت و ئاسوودە بۆ خەوتنی منداڵە تازە لەدایکبووەکەت بەکاری بهێنیت (سەیری لاپەڕەکانی 5-4 بکە). پاشان دواتر، دەبێتە سندوقێکی یادگاری نایاب یان سندوقی یاری کاتێک زۆر گەورە دەبێت بۆ ئەوەی تێیدا بخەوێت.

تکایە تێبینی بکە، ڕەنگە ناوەڕۆکی سندوقی منداڵ جیاواز بێت.



شتێک کەمە یان کێشەی تێدایە؟ پەیوەندی بە
**scotlandsbabybox@theapsgroup.com**
یان بە **0800 030 8003** بکە

تکایە ئاماژە بەو ژمارەی تۆمارکردنە بکە کە لەسەر ئەو نامیلکەیە نووسراوە کە لە کاتی وادەی مامانی هەفتەی 24-20 پێت دراوە